# فیلمی هەوابار/کلایمەت> لێکۆڵینەوەی هەوابار


لە لێکۆڵینەوەی هەوابار دا لە زانیاریی کۆمەڵێک بواری پسپۆڕی ئێمە کەڵک وەردەگرین وەک زانیاری لەبارەی گۆڕانەکانی $CO_2$ لە ئەتمۆسفێر و توانای دەریاکان بۆ هەڵمژینی $CO_2$. بۆ بەدەسهێنانی زانیاییی تەواو، «پانێلی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی هەوابار IPCC (پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان) لە چەند ڕاپۆرتی درێژ دا زانیاریی کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارەکان بنەمایەکیان هەبێت کە لەسەری بڕیار بدەن سەبارەت بە سیاسەتی هەوابار. بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە هەوابار لە ماوەی چەند سەدە دا چۆن ڕەفتار دەکات، لێکۆڵەرانی هەوابار لە مۆدێلەکانی هەوابار کەڵک وەردەگرن. بەڵام، لە مۆدێلەکانی هەوابار دا چەند فاکتۆری ئەزموونی هەن، لەوانە قەبارەی بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەییەکان لە ئایندە. لەبەر ئەمە، ناکرێت بە دروستیەکی تەواو داهاتووی هەوابار پێشبینی بکەین. ئێمە لە لێکۆڵینەوەی هەوابار دا چۆن ڕووبەڕووی کێشەی نادڵنیایی دەبینەوە؟ ئایا دەتوانین پشت ببەستین بە پێشمەزەندەکانی لێکۆڵەران؟ ئایا پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە ڕاست دەکات؟

**ئەو ئەرکانەی کە دەبێ بەرلە بینینی فیلمەکە ئێوە تەماشای بکەن**

1. لە بارەی پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان چی دەزانیت؟
2. بە ڕای تۆ لێکۆڵەران چۆن دڵنیا بدەن لە کاری خۆیان و کەسانی تر؟
3. لە میدیاکان دا بە شێوەیەکی فراوان باسی هەوابار دەکرێت. چ بابەتێکی تایبەت سەرنجی زۆری پێ دەدرێت؟

**ئەرکەکانی پەیوەست بە فیلمەکە**

1. لە دەیەی هەزار و نۆسەد و پەنجا هونەرمەندێکی ئەمریکی، چارڵز دەیڤید کیلێنگ (Charles David Keeling)، ئامرازێکی ئەندازەگرتنی چڕیی $CO_2$ لە ئەتمۆسفێری لە لێژاییەکانی کێوی ماونا لۆئا لە هاوایی، دوور لە سەرچاوەکانی پیسکردنی هەوا، دانا. بۆچی ئەو دوور لە سەرچاوەکانی پیسکردنی هەوا ئەو کارەی کرد، ئەندازەگرتنەکانی ئەو چ شتێکیان ئاشکرا کرد؟
2. ئەندازەگرتنەکان لە پاڵ هەندێ شتی تر دا ئەوەیان دەرخست کە گۆڕانی وەرزیی زۆر لە چڕیی $CO_2$ی ئەتمۆسفێر دا ڕوو دەدات. بە ڕای تۆ چ شتێک دەبێتە هۆی ئەم گۆڕانە وەزیانە؟




3. ئایا دەریا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کەمکردنەوەی $CO_2$ی ئەتمۆسفێر؟
4. پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن لە کوالیتیی کارەکان دڵنیا دەبێت و چۆن لەگەڵ جیهانی دەوروبەری ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکات؟
5. پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان سیناریۆیەکی داناوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە کۆمەڵگا ڕەنگە چۆن پەرە بستێنێت. بۆچی پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان چەند سیناریۆی ئامادە کردووە؟ ئایا یەک دانە بەس نیە؟
6. بۆچی پێویستمان بە سیناریۆ هەیە؟
7. مۆدێلی هەوابار چیە؟
8. بۆچی هەمیشە سەبارەت بە هەژمارکردنەکانی/حیسابکردنەکانی مۆدێلی هەوابار نادڵنیایی هەیە
9. ڕاپۆرتی پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە 2007 بڵاو کرایەوە، گەیشت بەو نەتیجەی کە لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوو دا مرۆڤ هۆکاری بەشێکی زۆتر لە گەرمبوونی گۆی زەوی بووە. بۆچی ئەمە بووتە هۆی دروستبووی ئەم قەبارە گەورە لە هەواڵ و گوفتوگۆی گەرم؟
10. پانێلی هەوابارى نەتەوە یەکگرتووەکان دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی لە 2007 ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە. بنەمای ئەو ڕەخنەیە چی بوو، و ئایا بێلایەن بوو؟

**ئەرکە دژوارەکان**

1. بۆچی گفتوگۆ، ناکۆکی و ڕاگەیاندن گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی هەوابار؟
2. لێکۆڵەران چۆن دەتوانن کار بکەم بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی لە مۆدێلەکانی هەوابار دا؟
3. دەستەواژەی «زانیاریی ئەزموونی» یانیَ چی؟ هەوابار وەک نموونەیەک بە کار بهێنە؟
4. هاوکاریی نێونەتەوەیی کە بنەمای ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە هەوابارە شرۆڤە بکە.